# سەرنجێک لەسەر پەیڤی (هین)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علي

یەکشەممە (٣-٣-٢٠٢٤)

پەیڤی (هین) وشەیەکە لە بابەتی هاوەڵناوی نادیار و بابەتی جێناوی نادیاریشدا هەیە و زۆر جاریش پرسیار دەکرێت چۆن جیادەکرێتەوە؟

(هین) وەکو جێناوی نادیار هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت، لە ئەرکەکانی (نیهاد، بکەر، بەرکار، جێگری بکەر، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو) هیچ گرفتێکی نییە و جێناوی نادیارە و جیاکردنەوەی زۆر ئاسانە، بەڵام لە ئەرکەکانی (دیارخەری ناو) و (تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو) تۆزێک زەحمەتە.

(هین) وەکو هاوەڵناوی نادیاریش ئەرکەکانی (دیارخەری ناو) و (تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو) دەبینێت.

واتە لەم دوو ئەرکەدا (دیارخەری ناو) و (تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو) فۆڕمی (هین) دەبێت بزانین هاوەڵناوی نادیارە، یان جێناوی نادیارە؟ بۆیە دەبێت جیایبکەینەوە، لە خوارەوە هەوڵدەدەم چەند خاڵێک بخەمە ڕوو بۆ جیاکردنەوەیان:

١- (هین) لە دیارخەری ناودا، ئەگەر ناوە دیارخراوەکە تاکی ناسراو، یان کۆی ناسراو بوو و ئامرازی دانەپاڵی (ی)یش بەکارهاتبوو، هەمیشە (جێناوی نادیار)ە.

نم/ ڕۆمانەکەی هین بخوێنەرەوە.

نم/ ڕۆمانەکانـــی هین بخوێنەرەوە.

م. عبدالله عبدالقادر علي

**٢- (هین) لە دیارخەری ناودا، ئەگەر ناوە دیارخراوەکە تاکی ناسراو، یان کۆی ناسراو بوو و ئامرازی دانەپاڵی (ە)یش بەکارهاتبوو و نیشانەی (ەکە، ەکان) لە کۆتاییی (هین)دا بوو، هەمیشە (هاوەڵناوی نادیار)ە.**

**نم/ ڕۆمانـــە هینـــەکە بخوێنەرەوە.**

**نم/ ڕۆمانـــە هینـــەکان بخوێنەرەوە.**

**٣- (هین) لە دیارخەری ناودا، ئەگەر ناوە دیارخراوەکە نەناسراو و ئامرازی دانەپاڵی (ی)یش بەکارهاتبوو، لە نووسیندا جیاکردنەوەی زەحمەتە و دەکرێت (هاوەڵناوی نادیار) بێت و دەشکرێت (جێناوی نادیار) بێت.**

**نم/ ڕۆمانی هین بخوێنەرەوە.**

**(هین) لەم ڕستەیەی سەرەوەدا دەکرێت:**

**أ- (هین): هاوەڵناوی نادیار بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (چۆن) دەداتەوە و دەتوانین هەر هاوەڵناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.**

**بۆ نموونە: ڕۆمانی چۆن بخوێنمەوە؟ وەڵام/ ڕۆمانی باش بخوێنەرەوە.**

**ب- (هین): جێناوی نادیار بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (کێ) دەداتەوە و دەتوانین جێناوێکی سەربەخۆ، یان هەر ناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.**

**بۆ نموونە: ڕۆمانی کێ بخوێنمەوە؟ وەڵام/ ڕۆمانی ئەو بخوێنەرەوە.**

**بۆ نموونە: ڕۆمانی کێ بخوێنمەوە؟ وەڵام/ ڕۆمانی محەمەد موکری بخوێنەرەوە.**

م. عبدالله عبدالقادر علي

٤– (هین) لە ئەرکی تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواودا، لەم ئەرکەشدا هەندێک جار لە نووسیندا جیاکردنەوەی زەحمەتە و دەکرێت (هاوەڵناوی نادیار) بێت و دەشکرێت (جێناوی نادیار) بێت.

نم/ ئەوە هینــــە.

(هین) لەم ڕستەیەی سەرەوەدا دەکرێت:

أ– (هین): هاوەڵناوی نادیار بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (چۆن) دەداتەوە و دەتوانین هەر هاوەڵناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.

بۆ نموونە: ئەوە چۆنە؟ وەڵام/ ئەوە باشە.

ب– (هین): جێناوی نادیار بێت، چونکە وەڵامی وشەی پرسی (کێ/ چی) دەداتەوە و دەتوانین جێناوێکی سەربەخۆ، یان هەر ناوێکی تر لە جێگەی دابنێین.

بۆ نموونە: ئەوە کێــــە؟ وەڵام/ ئەوە کاوەیە.

بۆ نموونە: ئەوە چیــــیە؟ وەڵام/ ئەوە ڕۆمانــــە.

کەواتە پەیڤی (هین) لە خاڵەکانی (١) و (٢)دا جیادەبێتەوە، بەڵام لە خاڵەکانی (٣) و (٤) زەحمەتە و دەکرێت هەردووکیان بێت.

جا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا پەیڤی (هین) لە هەردوو ئەرکی (دیارخەری ناو) و (تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو) وەک لە خاڵەکانی (٣) و (٤)دا هاتووە، هەر ئاوا بەو لێڵییە دەمێنێتەوە؟ چونکە نموونەی ترمان لە زمانی کوردیدا هەیە:

نم/ گوڵەکە ژاکاوە.

ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەکرێت بڵێین:

أ– (ژاکاو): هاوەڵناوە، تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە.

ب– (ژاکاوە): کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی ئەرێیە.

**لە کۆتاییدا، هیوادارم مامۆستایانی بەڕێزیش بابەتەکە دەوڵەمەند بکەن، بەبێ دووبارەکردنەوەی خاڵی (١) و (٢).**